# ڕاگەیاندنی "ڕەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵە(فراکسیۆن)"

کرێکاران! کۆمەڵانی خەڵکی ئازدیخواز!

ساڵێک لەمەو بەر، ژمارەیەک لە کادر و ئەندامانی ناسراو و لە مێژینەی کۆمەڵە کە ڕا و بۆچوونی جیاوازیان، چ لە مەیدانی نەزەری و چ لە بواری شێوەکار و رێکخراوەیی، لە گەڵ رێبەرایەتی "حیزبی کمۆنیستی ئێران"دا هەبوو، بۆ درێژەدان بە چالاکی سیاسی و نەزەری خۆیان و بە مەبەستی کردنەوەی رێگایەکی یاسایی و بە گیانێکی رەفیقانەوە، "فراکسیۆنی فەعالیەت بە نێوی کۆمەڵە"یان ڕاگەیاند.

مەبەست لە ڕاگەیاندنی ئەم فراکسیۆنە، هەوڵدان بوو بۆ; یەکەم درێژەدان بە خەباتی سیاسی و نەزەری خۆیان بە شێوەیەکی شەفافتر و ڕاشکاوانەتر و دووهەمیش بۆ بەرگری کردن لە لەت بوونی چەندبارەی جەستەی رێکخراوەیی کۆمەڵە، کە تا ئەو کات رووبەڕووی چەند جودایی و لەبەر یەکترازانێک کرابوو کە ئاکامەکەی لاواز کردنی تواناو لێهاتوویی‌یەکانی کۆمەڵە و نیگەرانی و تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵک و دڵسۆزانی کۆمەڵەی لێ کەوتبووەوە.

بە شوێن ڕاگەیاندنی "فراکسیۆن"دا، ژمارەیەکی زۆر لە کادر و ئەندامان و دوستان و دڵسۆزانی کۆمەڵە چ لە نێو وڵات و چ لە دەرەوەی وڵات بە نووسینی نامەی پشتیوانی، نووسینی بابەت و نووسراوەی جۆراوجۆر، پێوەندی شەخسی و... پشتیوانی و خۆشحالی خۆیانیان لە دەست بەکار بوونی فراکسیۆن ڕاگەیاند.

رێبەرایەتی "حیزبی کمۆنیستی ئێران" بە پێچەوانەی بیروڕای گشتی و لە درێژەی سیاسەتی سکتاریستی و پاوانخوازانەی خۆیدا، هەروەک چاوەڕوان دەکرا، "دیمۆکراسیخوازیەکەی" بڕی تەحەمولی "فراکسیۆن"ی نەکرد و پاش چەند مانگ، بە دەرکردنی بەیانێک لە لایەن کۆمیتە ناوەندیەکەیەوە، بە ڕەسمی حوکمی بە تەسفی‌یەی هاوڕێیانی فراکسیۆن‌دا.

بە شوێن تەسفیەی "فراکسیۆن" و بۆ جواب دانەوە بە پێویستی و ئەرکێکی گرینگ، واتە بووژاندنەوەی ڕەوتێکی سۆسیالیستی چەپ، ڕادیکاڵ و عەداڵەتخواز لە کوردوستان، ژمارەیەکی زۆر لە رێبوارانی ئەو رێگەیە، بە گیانێکی هاوبەش و هاودڵەوە، لە دەور یەک کۆ بوینەوە تا بە گۆڕینەوەی شەفاف و ڕاشکاوانەی بیروڕا، بە دیتنەوەی خاڵە هاوبەشەکان لە بواری خەبات بۆ یەکلایی کردنەوەی کاری کۆماری ئیسلامی وەک یەکەمین هەنگاوی بەرەو ئازادی و سوسیالیزم و خستنەوە گەڕی هێزو توانای بالقوەی "کۆمەڵە"، بەرەو جوابدابەوە بەو پێویستیە هەنگاو هەڵبگرین.

پاش ئەو ماوەیە و بە شوێن چەندین کۆبوونەوە، سمینار و دانیشتندا، ڕامان هاتە سەر ئەوە کە "فراکسیۆنی فەعالیەت بە نێوی کۆمەڵە" دەوری خۆی گێڕاوە و چی‌تر جوابی هەل‌و مەرجی هەنووکەیی ئێمە ناداتەوە. بۆیە هاتینە سەر ئەو قەناعەتە کە زەرفێکی گەورەتر و فراوانتر بۆ ئەم "ڕەوتە" پێویستە. بەم مەبەستە "هەیئەتی هاو ئاهەنگی"یەک لە هاوڕێیانی "فراکسیۆن" و هاوڕێیانی دەرەوەی فراکسیۆن پێک هات کە لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیاری دا کە لەمەو بەدوا بە نێوی "ڕەوتی سۆسیالیستی کۆمەڵە(فراکسیۆن)" کار و چالاکی خۆمان درێژە پێبدەین.

ئەگەرچی دواتر لەم بارەوە زیاتر قسە دەکەین، بەڵام بە پێویستی دەزانین بڵێین کە ئەمە بە مانای ڕاگەیاندنی حیزب یان تەشکیلاتێکی دیاریکراو نیە، بەڵکوو هەروەک لە نێوەکەیەوە دیارە ئەمە "ڕەوتێکە" و هەوڵێکە بۆ خستەوە سەر پێی کۆمەڵەیەکی سوسیالیستی چەپ و ڕادیکاڵ لە کوردوستان.

بەم جۆرە وێڕای پێزانینمان بۆ کار و هەڵسووڕانی ئەو ماوەی "فراکسیۆن"، بە ڕەسمی دەس بەکاربوونی "ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە(فراکسیۆن)" رادەگەیێنین.

**هەیئەتی هاوئاهەنگی ڕەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە(فراکسیۆن)**

٢٤ی پووشپەڕی ١٣٨٨

١٥ی ژوئیەی ٢٠٠٩